چیرۆک



نەسرین شاکەلی

# هەروەک لە ناو زگیدایە

کۆڵانێکی چۆڵ و تاریک لە هەردوو پەنجەرەی ماڵی بەرامبەرەوە رووناکییەکی کز دیارە.

تۆ بەتارمایی لە ناکاوت کۆڵانەکە ئاوەدان دەکەیتەوە. دەموچاوت بەملپێچێک داپۆشیوە و خۆتیش نازانی چ رەنگە. چۆن بوو بڕیارت دا بەم کۆڵانەدا تێ پەڕی؟ بۆچی ئەمشەوت هەڵبژارد بۆ ئەم هاتنە؟



کێ دەڵێ ئەوەی تۆ بۆی هاتووی وەک خۆی ماوە؟

کۆڵە پشتییەکەت زوو زوو لار دەبێتەوە، بەشانەهەڵتەکانێ راستی دەکەیتەوە. لاقەکانت ئازاریان هەیە و چین چین ئارەقە دەکەی... هەست بەبرسێتی دەکەیت، نازانی بۆچی پێشنیازی نانخواردنێکی چەور و گەرمت رەت کردەوە؟ بۆچی ئەمڕۆ بەهەموو

شتێکت وت نا و نەتهێشت هیچ شتێک ببێتە بەربەستی ئەم هاتنەت؟!

سەرت هەڵدەبڕی، یەکێ لە چراکان دەکوژێتەوە، کۆڵانەکە ئەوەندەی تر تاریک دەنوێنێ.

لە پڕ پاسکیلسوارێک بەدەم گۆرانییەوە بەلاتدا تێ دەپەڕێ، زۆر سەیرە! نازانی تێ دەپەڕێ یان دەفڕێ؟

پاسکیل ئاژووتن، بەم شەوە تاریکە و لەم کۆڵانە تەسکەدا... و بەو خێراییە؟ سەیرە!

لە پڕ گۆرانییەکەت دێتەوە یاد، چ گۆرانییەک!

(وەرە ڕێگەی ماڵم پێ نیشاندە...

من لەمێژە خەون بەماڵەوە دەبینم،

تاسەم بۆ ماڵ گەورەترە لە،

لە هەموو ترسەکانم!)

بیر دەکەیتەوە کەی بوو گوێت لەم گۆرانییە بوو؟ کەی بوو کوڕێکی کاکۆڵ ڕەشی چاو ڕەشی چەناگە چاڵ بەپەنجە درێژەکانی ژێی گیتارەکەی دەلاواند و گۆرانییەکی دەچڕی...

کەی بوو لە پەنجەرەکەتەوە جگە لە چەند پەڵەهەورێکی ڕەش و ئاسمانێکی خۆڵەمێشی و دارێکی پیری وشکهەڵاتووی بێگەڵا، هیچی تر دیار نەبوو...؟

کاتێ تۆ چاوت لە تەلەفزیۆنەکەی بەرامبەرت دەکرد و گوێت لەو گۆرانییە دەگرت، ئەو بەئەسپایی خۆی کرد بەژووردا. چەنێ نەخۆش بووی کاتێ ئەو هات... وەک هەمیشە دەتزانی چاوەڕوانی بکەیت یان نەکەیت ئەو هەر دێت.

ئەو هات و لە پەناتا چادرێکی ڕەشی هەڵدا و دەستی کردە بالۆرە وتن. وردە وردە سەرنجت بەتەواوەتی لەسەر کوڕە چاوڕەشە، گیتار لێدەرەکە لاچوو.

ئەو هات و هەر بەرەو دواوە رایکێشای، دەستی برد و چمکی کراسەکەتی گرت، کۆڵان بەکۆڵانی رابوردووی پێ تەی کردی.... هات و پێی وتی تۆ دەمری! بەم زووانە دەمری و چرای ژیانت بۆ هەتاهەتایە دەکوژێتەوە. فریا ناکەوی، پڕ بەدڵ بۆ دوێنێ بگریت.

تۆ دەمریت و قەت هاوڕێکانت ناتبیننەوە تا سەرەخۆشی دوێنێت لێ بکەن، قەت فریا ناکەوی لە ژێر گەڵای ئەو نەمامە بحەسێیتەوە کە چەندان ساڵە ئاوی دەدەی!

وتی، چۆن فریای مردنی دایە گەورە نەکەوتی ئاوهاش فریا ناکەوی بۆ تەنیا جارێ، بچیتە سەر گۆڕەکەی. بچیت هاڵاوی گەرمیی گەڵا تۆلەکەکانی دەوری گۆڕەکەی تێکەڵ بەهەناسەت بێ. وتی فریا ناکەوی تەنیا جارێ لەسەر گۆڕەکەی هەندێ دەردەدڵ بکەیت.

پێی بێژی، بیری ناوله‌په زبره‌کانت ده‌که‌م، کاتێ سه‌ری پڕ له ئازارمت ده‌شێلا، بیری لایه‌لایه‌کانت و چیرۆکی گوێ ئاگردانه‌کانت ده‌که‌م، بیری بۆنی باوڵه‌که‌ت و چارۆکه‌که‌ی کۆڵت... نا فریا ناکه‌وێ!

وتی تۆ ده‌مری و فریا ناکه‌وی سه‌رێ له دوێنێ بده‌ی، ده‌لاقه‌ی دوێنێ بکه‌یته‌وه چاوێ بخشێنی به ده‌فته‌ره زه‌رده‌کانی دوێنێدا.

وتی یه‌ک جاری تر بۆت نالوێ له کن رۆخی رووباره‌که‌ی دوێنێ چۆک داده‌یت و گوێلێ ئاو به‌ڕوومه‌تی گه‌ڕه‌هاتووتدا بکه‌یت.

وتی نا! فریا ناکه‌وی له هه‌رده‌که‌ی دوێنێ چه‌پکێ شه‌وبۆ بچنی، پریاسکه‌یه‌ک دۆمه‌ڵان بهێنیته‌وه، سه‌به‌ته‌یه‌ک پڕ بکه‌یت له که‌نگر و گێلاس، ته‌نانه‌ت یه‌ک قوم ته‌نها یه‌ک قوم له ئاوی کانییه‌که هه‌ڵقوڕێنی، ده‌مری و فریا ناکه‌وی!

وتی، فریا ناکه‌وی، له گه‌ڵ ده‌سته‌خوشکه‌کانی دوێنێت ته‌نها جارێ، پڕ به هه‌ناوت پێ بکه‌نی به‌و قسانه‌ی دوێنێ ده‌تان کرد و باسی سبه‌ینێتان ده‌کرد، سبه‌ینێی دوێنێتان هه‌ر نه‌هات...

وتی، ده‌مری و شوێنپێی خۆت له سه‌ر هیچ سه‌رزه‌مینێ نابینی!

ئه‌و هات و ئه‌مانه و زۆر شتی تری به‌ده‌م بالۆره‌یه‌کی به‌کوڵه‌وه وت. هات و خوێی خسته نێو برینه‌کانت، هات و برینی هه‌زار ساڵه‌تی کولانده‌وه. هات و بووه ئاوێنه و هه‌موو رۆژ و شه‌وه تاڵ و سوێر و جار جار شیرینه‌کانی دوێنێی وه‌بیر هێنایته‌وه.

هات و وتی، دانیشه و ته‌مه‌نێ دابنێ تایبه‌ت بۆ شیوه‌ن و گرین، بۆ لاواندنه‌وه‌ی دوێنێ سه‌رزه‌مینێ چێ بکه بۆ گۆڕستانی دوێنێ،

وتی، بچۆ ره‌شترین کوتاڵی دنیا بێنه و کالآیه‌ک بۆ خۆت بدرووه، ئازیه‌تباربه بۆ دوێنێ!

ئه‌و هات و ئاوێنه‌یه‌کی دا به‌ده‌ستته‌وه که دانه دانه تاڵه چه‌رمووه‌کانی پرچتی تێدا بژمێری. هات و وتی دوێنێ مرد و تۆ هێشتا شینت بۆ نه‌کرد.

هات و شیوه‌ن و گرینێکی وه‌های کرد هه‌ر نه‌بێته‌وه، دوێنێی وا لاوانده‌وه، به خوڕ هێناتییه گریان...

که زه‌ریایه‌ک گریای و که دڵت پڕ بوو له ده‌ریایه‌ک خه‌م، که ئاسمانت ته‌ڵخ و که هه‌موو دنیات تاریک تاریک بوو، پڕتی کرد له فرمێسک و به تاقی ته‌نیا به جێی هێشتی!

سه‌رت به‌رز ده‌که‌یته‌وه خۆت له به‌رامبه‌ر ئه‌و په‌نجه‌ره‌یه ده‌بینی، چرای ئه‌ویش

کـوژاوەتەوە، کـەوا بـێ زۆر درەنگە تۆ درەنـگ بڕیارت داو درەنگ پـێ راگـەیشـتـی، تۆ خـاو بووی، دەبوا وەک ئەو پاسکیلسوارە فریبای!

پشـتت دەکـەوێتـە ژان و لاقـەکـانت سڕ دەبن، کـۆڵە پشـتـیـەکـەت لە پەنای پەنجـەرەکـە دادەنێی، کـەمێک دەوەسـتیت. هەست بە دەنگێ یان جـووڵەیەک، نازانی کـامـیـان؟ دەکەیت، وەک ئەوەی کـەسێک بە ئاسـتـەم هەناسـە بدات، یان بەنهێنی بگری. هێـواش دەگـەڕێیتـەوە دواوە خۆت لە پەنای دیواری ئەملای پەنجەرەکەوە مەڵاس دەدەی،

تەواو مـات و بێدەنگ دەبی.. گـوێت لە هـەنسکی گـریـانێکە، دەزانی لەلای پەنجـەرەکـەوە دێ، خۆت کوور دەکەیتەوە. لە تەنیشت پەنجەرەکەوە گوێ هەڵدەخەیت. گوێت لە بالۆرەیەکی بە کوڵە، دەنگی لاوانەوەی دوێنێ...

باش گـوێقـولاخ دەبی تۆ بڵێی خـەو نەبینـی، یان وڕێنە نەکـەیت؟ خـۆ نـەخـۆش نیت؟ خـۆ یاوت لێ نەهاتووە؟ ئەمـە هەر دەنگی ئەوە، بـێ سێ و دوو دەنگی ئەو دەناسـییـەوە، لێرە چ دەکات، کێ گەیاندییە ئێرە؟

سـەرت بەرز دەکـەیتـەوە بریا کـونێ هەبوایە ئـەو دیوی پەنجـەرەکـەت بدیایـە. چۆن بزانی ئەمـەی هەنسک دەدات، ئاوێنەیەکی لە پێشدا نییـەو خـەریک نییـە تەڵە سـپییـەکـانی پرچی بژمێرێ...؟

خـۆ تۆ بـەرێوەی بۆ دیدارێکی لای ئەم دوو پەنجــەرە، ئەم دوو پەنجـەرە، پـەنجـەرەی یەک ماڵن، ئێ با تاریکیش بێ... هێزێک پێت دەڵێ بچۆ لە زەنگی دەرگا بدە!

ڕەنگە لە رووی هـەڵـنـەیـەت دەرگــــات لێ بکاتـەوە. ڕەنگـە حــــەز نـەکــــات چاوە سـوورهـەڵگـەڕاوەکانی ببینـی، رەنگە پێی وابێ، ئەو تەنیـا و تەنیا بۆ لای ئـەم دێت و ئاوێنە نیشانی ئەم دەدات، بالۆرە بۆ ئەم دەڵێت و دوێنێی ئەم دەلاوێنێتەوە.

هەنگاو دەنێی بەرەو لای دەرگاکە، پاسکیلێک دەبینی! دڵت دادەخورپێ!

دەڵێی بڕۆیت و بۆ هـەتاهەتایە سـەر بەم کۆڵانەدا نەکەیت، دەڵێی بمێنیتـەوە رووبەڕووی بوەستی، تۆ ئاوێنە بخەیتە دەستی ئەو، تا خۆی تێدا ببینێ.

قامکت لە سەر زەنگی دەرگاکە دادەنێی، دەرگاکە دەکرێتەوە....

ئەم بە دەمـوچاوێکی تازە شۆراوەوە دەرگاکە دەکاتەوە،بەدەم بزەیەکەوە دەڵێ هەلامـەتمە! تووشت نەکەم...

دێیتە ژوورەوە، هەمـوو گڵۆپەکان داگیرساون. تۆ پڕ دەبی لە پرسیـار، چ زوو فریاکەوت

هەم دەموچاوی بشوات و هەم ئەو هەموو گڵۆپە داگیرسێنی؟! خۆ لە دەرەوە تاریک تاریک بوو.. سەیرە!

بەخێراییەک وەک با، چاوەکانت، هەموو کون و قوژبنی ژوورەکە دەپشکنن.

ئەی ئەو لە کوێیە؟ رەنگە ئەویش لە حەمام بێت و دەموچاوی بشواتەوە؟ ئیتر شوێنی تر کوێیە؟ ژووری نان خواردن و چیشتخانە هەر یەکن، هۆڵەکەش بێ دەرگایە و هەمووی دیارە، جێگەی خەوەکەشی هەر لە سوچێکی هۆڵەکەیە.

ئەی خۆ رێی تێ ناچێ لە دۆڵابێکدا شاردبێتییەوە؟ چۆن فریا کەوت؟ هەمووی چرکەیەکی پێ نەچوو، لە نێوان کاتی لە زەنگدانی دەرگا و کردنەوەی؟!!

هەبێ و نەبێ یاوت هەیە و ورێنە دەکەی، یان بۆ ماڵێکی هەڵە هاتووی... نا هەر لە بنەڕەتدا ئەم کۆڵانە ئەوێ نییە!

سەیرە! مەگەر دانە دانە پەنجەرە و خانوو و بەرد و خشتی ئەم کۆڵانەت نەهاتەوە یاد؟ چۆن وا لێت تێکچوو؟ ئەی ئەگەر هەڵە نییە، ئەم چۆنی ناسیتەوە؟ بۆ نەیوت تۆ کێی، بەم شەوە بۆچی لە دەرگای من دەدەیت؟

سەرت لێ دەشێوێ و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا خەریکە ببورێیتەوە. هەموو ژوورەکە سوورِ دەخوات و شێوەی ئەم دەبینی، خەریکە بە دەستەسرێکی گەورە لوتی دەسڕێ، هەر بە تەواوی لەوە دەچێ هەڵامەتی بێ... باشتر سەرنجی دەدەیت، کوت و مت خۆت دەبینی لە بەرامبەرت ڕاوەستاوە... خۆت خۆتین! ڕادەچڵەکێیت و هەموو گیانت سڕ دەبێ! نازانی چی بکەیت، دەتەوێ هاوار بکەیت کەچی دەنگت لە گەرووتدا دەتاسێ!

دەتەوێ هەڵسی، زەوی ژوورەکە دەبێتە موگناتیزێکی بەهێز و لەشی تۆیش پارچەیەک ئاسن ! هیچیان لە یەکتر جوێ نابنەوە...

چاوەکانت دەکەیتەوە خۆت دەبینی بە پێوە لە سەر سەرت وەستاوە و بە کوڵ دەگری و دەڵێ:

– بمبوورە! هەڵامەتم نییە... تێر گریاوم! ئاخر... ئەو لێرە بوو، لێرەیە...

دیسان سەرت نزم دەکەیتەوە بە هەموو هێزت خەریک دەبی لەشی ئاسنین ئاسات لە زەوییەکە دوور بخەیتەوە، دەستەکانت رادەپسکێنی، کەچی وەک قوڕ بە زەوییەکەوە نووساوی!

دەتەوێ زارت بکەیتەوە و شتێک بڵێی، بەڵام ناتوانی...

له پڕ وەک لاڵ بوویێتی، بچڕ بچڕ دەڵێی

– ئەو... ئەو لە کوێیە؟

خۆت بەسەر سەرتەوە فرمێسکەکانی دەسڕێ، دەڵێ

– ئەو... مەگەر تۆ نازانی؟ بۆچی لە من دەپرسی؟

دەتەوێ هاوار بکەیت

– ناااااااااااا، من چۆن بزانم...؟!

دیسان وشەکانت بچڕ بچڕ دێن... سەیرێکی خۆت دەکەیت کە بەسەر سەرتەوە وەستاوە، لێی دەپرسی

– تۆ دەزانی؟ دە کەواتە پێم بڵێ!

ئەم وەک باوەڕت پێ نەکات... بەسەرسڕمانەوە چاو لە چاوەکانت دەبڕێ. قەوارەی چاوی، دانە دانە برژانگەکانی و گلێنەی چاوەکانی کە تێکەڵاوە لە سێ ڕەنگی جیاواز، کوتومت چاوەکانی خۆتن! برژانگە نامۆییەکانی خۆت، گلێنە ڕەنگینەکانی خۆت دەبینی وەک جامێکی شووشەیی پڕ لە ئاو، لیپاو لیپە لە فرمێسک.

تک تک فرمێسکەکان بە لاگۆناتدا دەڕژێنە خوارێ... نیگاکانتان یەکدەگرن، وەک ئەوەی ئەو بوویێتە موگناتیزێکی هەرە گەورە، لە گەڵ هێزی زەویدا پێشبڕکێ بکات، تۆ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و.... هەمووی تێکەڵت دەبێ و هەمووت تێکەڵی دەبێ، هەر وەک لە ناو زگیدایە، دەبنەوە یەک!

چاوەکانت دەکەیتەوە، خۆت لە ناوەڕاستی ژوورەکە دەبینی و سەیری دەرەوە دەکەیت لە دووررا ئاسۆ دیارە و ڕوونە، بەرەبەیانە... هەست دەکەیت دڵت سووکە هەر وەک پەپوولە! نازانی کەی بوو هاتی و کەی گەیشتی و ئایا خەوت لێ کەوت؟

لە سەر زەوییەکە هەڵدەستی و دەچیتە سەر تەختەکەت. لەشت لە ئارەقدا شەلاڵە، دەڵێی تەمەنێکە بە شاخێکی بەرزدا هەڵدەزنێی و وا ئێستا گەیشتی... وردە وردە سەرما لە نووکی پەنجەی پێیەکانتەوە بەرەو سەراپای لەشت ورووژم دێنێ. لێفەکەت بۆ سەرەوە هەڵدەکێشی و لە نێویدا گرمۆڵە دەبیت، لە گەڵ خۆتدا بە ئارامی خەوت لێ دەکەوێت...

٢٠٠٧ سوێد